# مافی مرۆڤ

**نووسەر: نۆربێرتۆ بۆبیۆ**
**وەرگێر لە فارسییەوە: عەتا جەمالی**

پێویستە لە تێوریی مافی سروشتیدا بگەڕێین بەشوێن پێشگریمانەی فەلسەفیی دەوڵەتی لیبراڵدا، وەك دەوڵەتێکی سنوردار و لەبەرامبەر دەوڵەتی رەهادا. تیۆرییەك کە تیۆریسازەکانی قوتابخانەی مافی سروشتی (یان یاسای سروشتی) پەروەردەیان کردووە. بەپێی ئامۆژەکانی ئەم تیۆرییە، گشت مرۆڤەکان سەرەڕای خواست و ویستی خۆیان و بەتایبەت دیتران، بەپێی گەوهەر و سروشتی خۆیان، خاوەنی هەندێ مافی بنەڕەتی وەك مافی ژیان، ئازادی، ئاسایش و بەختەوەرین و دەوڵەت یان بەگوتەیەکی روونتر گشت ئەو کەسانەی کە بۆ ناچارکردنی خەڵك بە ملکەچی، پشکیان هەیە لە دەسەڵاتێکی یاساییدا، لەسەریانە رێز لەو مافانە بگرن، پێشێلیان نەکەن و لە دەستتێوەردانی کەسانی تر بیانپارێزن.

بەخشینی مافێك بەهەرکەسێك، دەستەبەری قەبووڵکردنی دوو شتە: یەکەم، دانان بە شایستەیی تاك بەوەیکە بە خواستی خۆی رەفتاربکات و دووهەم، دانان بە سەربەستبوونی تاك بۆ بەرەنگاری و تەنانەت لە حاڵەتی پێویستدا بەکارهێنانی زەبری خۆی یان دیتران لەبەرانبەر کەسانێکدا کەدەست لەو مافەی وەردەدەن.

لەم رووەوە، دیترانیش ئەرکە لەسەریان کە خۆیان  لەوکارانەی کە رەنگە رێگە لە رەفتاری دڵخوازانەی تاک دەگرن، بپارێزن. "ماف" و "ئەرك" چەمکگەلێکی رێنوێنکەرن و لەبەر ئەوەش لەسەر زنجیرەیەك نۆرم و یاسای رێنیشاندەر وەستاون کە هاوکات لەگەڵ بەڕەسمی ناسینی شایستەیی هەرتاکێك بۆ گرتنەبەری ئەوەیکە بە باشی دەزانێ، هەمووکەسیش ئەرکباردەکات کە لەئەنجامی ئەو کارانەی کە رەنگە بەشێوەیەك رێگە بە هەڵسوکەوتی ئازادانەی تاك بگرێت خۆ بپارێزن. بەم شێوەیە، دەتوانرێت تیۆریی یاسای سروشتی  بەم حوکمە بناسرێنەوە: یاساگەلێکن کە مرۆڤ داینەڕشتوون، بەم مانایە کە بەرلە دەرکەوتنی هەرجۆرە گرووپێکی کۆمەڵایەتی، لە ئارادا هەبوون. دەتوانرێت بە ئاوەزمەندی دەرك بەم یاسایانە بکرێت و دروست هەر بەو شێوەیەی کە کۆمەڵێک ئەرك و ماف لە هەر یاسا و مافێك سەرچاوە دەگرێ، یاسای سروشتیش بەسەرچاوەی ئەرك و مافە سروشتییەکان دادەنرێت.

لەو رووەوە تیۆریسازە لیبرالّەکان هەولّدەدەن بەیارمەتیی چەمکە گشتی و گریمانەییەکانی ئەم تیۆرییە سەبارەت بە سروشتی مرۆڤ، دەسەلاّت سنووردار بکەنەوە، بێئەوەیکە هەست بە کەمترین نیازێك بکەن بە ڤەکۆلّین هەلّگرییەکی ئەزموونی و بەدەستەوەدانی بەلّگەیەکی مێژوویی بۆ پێشگریمانەکەی خۆیان. لۆك، یەکێك لە دامەزرێنەرانی لیبرالیزمی مۆدێرن، لە دووهەم تێزیدا سەبارەت بە حکوومەت، دۆخی سروشتی دەکاتە سەرستارتی باسەکەی خۆی و بە ئازادی و یەکسانی تەواوی دادەنێت، دۆخێك کە یاسای سروشتی بەسەریدا زالّە و "ئەم یاسایە هەموو ئەوکەسانەی کە دەگەڕێنەوە بۆلای، فێردەکات کە چۆن مرۆڤەکان یەکسان و سەربەخۆن، کەواتە هیچکەسێك بۆی نییە ئازارێك بە گیان و مالّ و تەندروستی و ئازادیی دیتران بگەیەنێت."[1]

ئەم وتانە دەسکەوتی هەولّی (لۆك) بۆ سەر لە نوێ سازدانەوەی خەیالّیی دۆخێك بوو کە لای وابوو دۆخی سەرەتایی ژیانی مرۆڤ بووە. تاکانە ئامانجی لۆك لەم کارە، دەستەبەرکردنی بەلّگەیەکی شایستە بووە بۆ پاساوی سنووردارکردنی دەسەلاّتی دەولّەت. لەراستیدا، جاڕنامەی سەربەخۆیی ئەمریکای باکووری (١٧٧٦) و جاڕنامەی مافی مرۆڤی شۆرشی فەرەنسا (١٧٨٩)ش لە تیۆریی مافی سروشتیەوە سەرچاوە دەگرن، لەم دوو دیکۆمێنتەدا بەڕوونی باس لە رەگەزە بنەڕەتییەکانی دەولّەتی لیبرالّ وەك دەولّەتێکی سنوردار دەکرێت: " مەبەست لە هەرجۆرە جڤاتێکی سیاسی، هەمان پارێزگاری کردنە لە مافی سروشتی و هەرمانی مرۆڤەکان. (ماددەی دووهەمی جاڕنامەی مافی مرۆڤ و شارۆمەندەکان (١٧٨٩) بەم شێوەیە، دەتوانرێت وەك بەلّگە داتاشین بۆ دۆخێك بێتە ئەژمار کە لە چەندین سەدە پێشترەوە لە پاش ململانێی نێوان پادشا و هێزە کۆمەلاّیەتیەکانی تردا بەتایبەت لە ئینگلستان دەرکەوتبوو، لە پاش ئەوە فیلسووفەکان، خوداناسەکان و مافناسەکان بەشێوە جۆراو جۆرەکان ئەم تیۆرییەیان پەروەردە کردووە. لە مەنشووری (ماگناکارتا)دا کە (پاشا جۆن)یش لە (١٢١٥)دا مادەکانی قەبوولکرد، شاهیدی رەسمی بوونەوەی مافگە لێکین کە لە سەدەکانی دواییدا بە "مافەکانی مرۆڤ" ناودێرکران: "ئازادییەکان" یان قەلّەمڕەوە دانپێدانراوەکانی کرداری تاکی و دارایی تایبەتی کە پارێزراون لەمەترسی دەسەلاّتی پاشا. رەنگ بێت لە مادەکانی (ماگنا کارتا) و مەنشوورەکانی دواییدا وا دەرکەوێ کە چما دەسەلاّتی حاکم هەندێ جیاوکی مافەکی بەشێوەی یەك لایەنە پێشکەشی شارۆمەندەکان کردووە، بەلاّم گشت ئەم مەنشوورانە بەرهەمی پەیمانێکی راستەقینەی نێوان دەستە و گرووپە دژبەرەکان بوو بۆ نموونە پەیمانێك کە هەموان بە (پەیمانی بندەستی Ptum subjectionis) دەناسن، ماف و ئەرکگەلێکی دوولایەنەی لە بۆنە سیاسییەکاندا لە خۆگرتبوو: دیاریکردنی ئەرکەکانی حکوومەت لە پاراستنی مافی بندەستەکانیدا لە پەیرەوی لە حکومەت (بەلّێنی سیاسی). ئامانجی سەرەکیی مەنشوری "ئازادییەکان" پێناسەی چەندو چوون و رادەی فەرمانبەریی شارۆمەندەکان( رادەی بەلّێنی سیاسیی ئەوان) و هەروەها چوارچێوە و رادەی دەسەلاّتی حاکمان بوو. لەراستیدا مەنشوورە کۆنەکان بەرهەمی پەیمانێکی دوولایەنەن، سەرەرای ئەوانە، ئەوانیش وەك ئەو مەنشوورانەی کە حکوومەتە پاشایەتیە مەرجدارەکان لەسەردەمی گەڕانەوەدا و لەپاش ئەو قەبوولّیانکرد (بۆ وێنە ١٨٤٨ی ئالبێرتین) زیاتر وا دەنوێنێت کە گۆیا پاشا هەندێ جیاوکی مافەکیی یەك لایەنەی بەخشیوەتە شارۆمەندەکان. بەلاّم ئەم گوتەیە جگە لە ئەفسانەسازییەکی رەسمی و باو نیە و مەبەست لێی پارێزگاری لە پڕەنسیپی سەرێتیی پاشا و مسۆگەرکاری مانەوەی حکوومەتی رەها لە دۆخێکدایە کە دەسەلاّتە نەریتییەکانی خاوەندارانی دەسەلاّت بەشێوەیەکی واقعی سنووردار کراوە.

---

[1] . j.Locke, two Tr arises of civil Government (١٦٩٠),Dent,London١٩٧٠,P.١١٩.

ئەمەش نموونەیەكی ترە لە ئاوەژوونوێنی درێژەی رووداوە مێژووییەكان و پەیمانە مافەكییەكان و بەڵگە داتاشینە ئاوەزییەكان كە لەدرێژەی ئەم رووداوە مێژووییانە بەدی هاتبوون. لەروانگەی مێژووییەوە، دەوڵەتی لیبراڵ بەرهەمی سووڕانەوەی بەردەوام و روولەزیادبوونی دەسەڵاتی ڕەهای حكوومەتەكان و هەروەها شەقڵە شۆڕشوانییەكان لەكاتی قەیرانە كوتووپڕەكاندا بوو(وەك ئینگلستان لە سەدەی هەڤدەهەمدا و فەڕەنسا لە كۆتاییەكانی سەدەی هەژدەهەمدا). لەروانگەی ئاوەزیشەوە دەوڵەتی لیبراڵیان بە بەرهەمی پەیمانێك دێنا ئەژمار لە نێوان تاكە ئازادەكاندا كە لە دەوری یەك كۆدەبنەوە و پێكەوە ژیانێكی ئازاد و پایەدار، پەیمانگەلێك دەبەسترێت. لەراستیدا مرۆڤ لە رەوتی مێژوودا و لە رەوتی بەلیبراڵیبوونی ئارام ئارامی ژیانی كۆمەڵایەتیدا لە كۆیلایەتیی سەرەتایی خۆی دەربازبووە و ئازادیگەلێكی زیاتری بەدەست هێناوە، لە حاڵێكدا كەتیۆریسازەكانی تیۆریی مافی سروشتی ئەم رەوتە ئاوەژوو دەكەنەوە و تەنیا بەم گریمانەیە كە گۆیا ئازادی دۆخی سەرەتایی ژیانی مرۆیی بووە وهەروەها بەپێی ئەو بۆچوونە كە مرۆڤ بەپێی گەوهەر و سروشتی خۆی ئازادە دەگەینە ئەو ئەنجامە كە لە كۆمەڵگەی سیاسیدا دەسەڵاتی حكوومەت پێویستە سنووردار‌بكرێت. بەم شێوەیە تیۆریی مافی سروشتی راڤەیەكی ئاوەژوو لە رەوتی رووداوە مێژووییەكان دەدات بەدەستەوە و ئەوەیكە لەلایەنی مێژووییەوە بەرهەم و دەرەنجامی ئەم رووداوانە بووە، بەئاخێزگە و پرەنسیپ یان پێشەكیی رووداوە میژووییەكان دێنە ئەژمار.

ئەم مافە سروشتیانە و تیۆریتی پەیمان( یان پەیمانی كۆمەڵایەتی) پێوەندییەكی چڕوپڕیان لەگەڵ یەكتردا هەیە. بەپێی داتاكانی ئەم دوو تیۆرییە، دەسەڵاتی سیاسی تەنیا كاتێك بەرحەقە( مشروعیەت)كە لەسەرڕەزامەندیی بندەستەكان كراوەكان وەستابێت ( لە تێزەكانی لاك). كەواتا حكوومەت لەسەر بنەمای پەیمانی نێوان حكوومەت بەسەردا كراوەكان(كەسانێك كە گوێڕایەڵی بۆ دەسەلاتێكی سەرتریان قەبووڵ كردووە)و حكوومەت كەرەكان ( كەسانێك كە حكوومەت بەسەردا كراوەكان دەسەڵاتیان پێسپاردوون) دادەمەزرێت. ئەم حوكمە لەو گریمانە كۆنكرێتییەوە سەرچاوە دەگرێت كە تاكەكان، مافێكی جیاواز لە حكوومەتیان هەیە و كاركردی سەرەكیی حكوومەتیش دەستەبەركردنی هەلە بۆ مسۆگەربوونی سەرجەم مافی تاكەكان لە چوارچێوەی ژیانێكی كۆمەڵایەتیی پرئاسایش و ئارامیدایە.

جیاوەكەری هاوبەشی مافی مرۆڤ وتیۆریی پەیمان، هەمان بڕوابوون بە رەسەنایەتیی تاك Individualism لەبەرانبەر كۆمەڵگادایە كە بەپێی ئەوە، تاك هاوڕێ لەگەڵ بەرژەوەندی و نیازەكانی، واتا هەمان ئەو شتەی كەلە تیۆریی یاسای سروشتیدا بەمافی سروشتی ناودێردەكرێت بەرلە سەرهەڵدانی كۆمەڵگە هەبووە و سەرێتی هەیە بەسەریدا. ئەم روانگەیە لەگەڵ گێرانەوە جۆراوجۆرەكانی تیۆریی رەسەنایەتی گشت (organism) سەبارەت بە پەیوەندیی تاك و كۆمەڵگە ناسازگارە. لەتیۆریی رەسەنایەتی گشتدا، بەپێچەوانەی رەسەنایەتی تاك لە تیۆریی مافی سروشتی، دەركەوتنی كۆمەڵگە سەرێتی پێدەدرێت بەسەر تاك و هەروەها گشتی كۆمەڵ بەسەر پاژەكانیدا( وەك بۆچوونی ئەرەستوویی لە پێوەندی نێوان تاك و كۆمەڵگەدا كە نفووزێكی درێژخایەنی لە ئەندێشەی سیاسیدا هەبوو). تیۆریی مۆدێرنی پەیمان خاڵێكی گەشی راستەقینەیە لە مێژووی هزری سیاسیدا.

هزری سیاسی، پێشتر لەژێر نفووزی رەسەنایەتی گشتدا بوو، بەڵام پاشان تیۆریسییەنەكانی پەیمانی كۆمەڵایەتی پەوەندیی نێوان تاك و كۆمەڵگەیان راست بە پێچەوانەی تیۆریی رەسەنایەتی تاك راڤەكرد. ئەوان ئیتر كۆمەڵگەیان وەك راستییەكی سروشتی و سەربەخۆ لەویستی تاكەكان نەدێنا ئەژمار و گومانیان وابوو كە كۆمەڵگە پەیكەرەیەكی دەستكردە كە لەسەر دەستی تاكەكان بەدیهاتووە. ئەو تاكانەی كە بەهۆی هاوشێوەیی و هۆگرایەتیی هاوبەش بۆ دەستەبەركردنی

بەرژەوەندی ونیازەکانیان و هەروەها بۆ سوودوەرگرتنی بێ کەموکورت لە مافەکانی خۆیان لێك کۆ ببوونەوە. بەم شێوەیە، لەتیۆریی مافی سروشتیدا، ئەو پەیمانەی  کە دەوڵەت بەدیدێنێت پەیمانێکی ئیرادییە، چونکە بەپێی ئەم تیۆرییە سەرجەم تاکەکان هەندێ مافی سروشتییان هەیە و ئەم مافانە تەنیا لە پێکەوە ژیانی ئازاد و بەسامانی ئەواندا و لەکاناڵی پەیمانی دڵخوازانەی نێوان تاکەکانەوە دەستەبەر دەکرێت، پەیمانێك کە پێویستی بە چاولێپۆشینی دوولایەنەی هەموو تاکە سوودمەندەکانە لە هەندێ مافی خۆیان. بەبێ شۆرشی کۆپێرنیکی کە بۆ یەکەمجار دەرفەتی روانین لە تەوەری دەوڵەت لە چاوی بندەستەکانەوە و نەك دەسەڵاتدارانی پێك هێنا، تیۆری دەوڵەتی لیبراڵ کە سەرەتاوە و بەرلەهەرشتێك تیۆریی بەدیهێنانی سنووری یاسایی لەسەر دەسەڵاتی دەوڵەتی شیمانەی بەدیهاتنی بۆ نەدەکرا. بەبێ تیۆری رەسەنایەتی تاك، لیبرالییش نەیدەتوانی بێتە ئاراوە.

j.Locke, two Tr arises of civil Government (١٦٩٠),Dent,London١٩٧٠,P..١١٩